# من و ئازادسديق له دەرەوەی كوردسات ؟!

## ئاسۆعەبدوللەتيف

ئەوە بۆچی ميدياو تيڤی كوردی ئەبێت بەردەوام لەو قاڵبە تەقليديە ستالينيە دەرنەچێت و ئەڵتەرناتيڤێكی ڕۆشنی نەبێت بۆ دۆخێكی باشتری ميديايەكی ڕەخنەگرو ئازاد، بەبۆچونی خۆم ئەوە خۆمانين كە ئاراستەی گوتاری ميدياكانمان بەو ئاراستە نەگەتيڤەدا ئەبەين و لەزۆربارردا ئەوەی ئەيكەين دەسەڵات هەر ئاگاشی لێی نيە؟ كاتێ ڕۆژنامەوانێكی بێژەرو پێشكەشكار دێتە سەرشاشە خێرا خۆی لێ ئەگۆڕێت و خۆی ئەكاتە هانتگتۆن و فۆكۆو هابرمازو جێنتڵمان و ڕۆشنبيری مەوسوعی و موحەليلی سياسی و تيرۆسينی گشت بوارەكان و بەراست و چەپدا دەست و چاوی با ئەدا و ڕەشوەی بەرنامەكە ئەگرێت و وەك بڵێی لەوديو ڕوداووپێشهاتەكانەوە هاتۆتەوە بەكۆڵێ پرسيارو پێشبينی سەير سەيرەوە  ئيتر حساب بۆ هيچ تێزو تەرحێكی بەرانبەر ناكات و ئەوەی وەحدەی مەوزوع بێت نای بينێت؟ بەداخەوە ئەم دياردەيە لە زۆرێك لە تيڤيە سياسيەكانی ئێمەدا هەستی پێ ئەكرێت بەتايبەتی لە بەرنامەی ديداری كاك ئازادسديق لە كوردسات، كە بەرنامەيەكی سياسی ئايدۆلۆژيەوجارجار داوەتی سياسيەكان ئەكات بێئەوەی يەك جار جورئەتی ئەوەبكات روناكبيرێكی وەك فاروق ڕەفيق و مەريوانی ووريا قانع و ڕێبين هەردی يا نوسەرێكی ڕەخنەگری جددی داوەت بكات؟ بەهەند وەرنەگرتن و بێموبالاتی بۆ پرسيارەكانی هاووڵاتيان و ڕۆژنامەنوسان لەكاتی موداخەلەكانياندا كە بەهەزار دەرديسەری تەلەفۆنەكان وەرئەگيرێت شتێكی كەم نيە، كاك ئازاد ئەو شەوە لەبەرنامەكەيدا لەگەڵ بەرێز كاك عەبدولباستی ياساناس و ڕاوێژكاری پێشوی ياسايی ئەنجومەنی وەزيران ئيدارەی سلێمانی پێش ئەوەی من وەك ڕۆژنامەوانێك تەرح وپرسيارەكانی خۆم بدەم كە حەقی ئەوەم هەيە بە ئازادانە قسەبكەم خێرا پێش ئەوەی لە چەمكی پرسيارەكەی من بگات و برگەكانی پرسيارەكەم تەواو بكەم موقاتەعەم ئەكات بەبيانوی ئەوەی كە ئەوەی من ئەيڵێم پەيوەندی بە بابەتی بەرنامەكەوە نيە كەبريتی بوو لە ياسای سەلامەی نيشتيمانی كە ئەياد عەللاوی وەك ياسايەكی جەبری و عورفی دەريكرد بۆ ئەو شارانەی وەكو بەغداوديالەوسامەراوفەللوجەو شارەكانی ديكە كە لەرووی ئينفلات و لەدەسدانی ئاسايشەوە بۆتە مۆڵگای تيرۆريستان وخەتەرێكی گەورەشە بۆ ئاسايشی نەتەوەيی و نيشتيمانی،بەڵام من بەكاك ئازاد ئەڵێم چۆنت زانی كە پرسيارەكەی من پەيوەندی بەبەرنامەوەنيە لەكاتێكدا ئێستاش سەرجەم سەرە قەڵەمەكانم لايە و زۆر باشيش پەيوەندی نەك بە بەرنامەوە بەڵكو بە جەوهەری ياساكەشەوە هەبووكە هيچ ئاماژەی پێ نەكرا، جا بۆ ئەوەی لای بەرێزت و لای بينەرانيش روون بێت ئەوەی من مەبەستم بوو بيڵێم و هەرچۆن بێت ڕێگەت پێدام بەشێكی كەمی بڵێم ئەوەبوو ( باشە بۆچی ئيدارەو دەسەڵاتی سياسی كورد هەوڵ نادەن بۆ دروستكردنی ئەجێندايەكی سياسی ڕۆشن تا لەچوارچێوەی سياسەتی نيشتيمانی خۆماندا كاربكەين بۆ شتێك كە نيمانە وەك شوناس قەوارە ئاڵا دەستوری فيدراڵيزم و لە دەستوری عێراقی داهاتوو مافەكانمان زامن بكرێت و تاكی كورديش ئيدی وەك هاوڵاتی پلەدوو سێ و وەك ميوان تەماشای نەكرێت لەلايەن ئەوتۆنە لەنەتەوە پەرست و شۆڤێنيزمی عەرەبی و مەزهەبگەرا كە ئێستا قۆڵيان لێ هەڵماڵيوە بۆ پاكتاوێكی تری ڕەگەزی كورد، ئەبێت منی كورد بۆچی لەخەمی نائارامبوونی فەللوجەو بەغداو شارەكانی تری عێراقەوە بم لەكاتێكدا سلێمانی و هەولێر هێمنەوهيچ كێشەيەكمان نيە، وە ئەو ياسايە دوورو نزيك پەيوەندی بەكوردەوە نيە ئەوەی پەيوەندی بەكوردەوە هەيە كەركوك و خانەقين و موسڵە، ئەم خۆبەستنەوە بەبريارەكانی بەغداو ئەم سوڵتانيەتەمان بۆ عێراقچێتی چی ئەگەيەنێت جگە هەستكردن بەلاوازی گوتاری سياسی حيزبی كوردی، وە كاتێ من دەنگ ئەدەم بێشك ماڵی عەرەب و عێراق ئاوائەكرێتەوە و ئەبێتەوە بەدەوڵەت ئەی كاك ئازاد تۆ چ زەمانێكت هەيە بۆ كورد؟ وەقانونی سەلامە چ

پەیوەندیەکی بەکوردستانەوە هەیە؟) کەچی کاك ئازاد ئەم هەموو پرسەی من و هەزارانی وەکومن بەهەند ناگرێ و راشکاوانە دەڵێت ببورە.. ببورە.. ئەوەی کاك ئاسۆ لەدەرەوەی بەرنامەکەیەو دوورونزیك پەیوەندی بەم باسەی ئەمشەوەوە نییە ! چی ببورم کاکە ئازاد ئەوە ئەبێت تۆ وەڵامی من بدەیتەوە یان ئەو میوانە بەرێزەی داوەتت کردوە؟ ئەوەی من پەیوەندی بە وەحدەی مەوزوعەوە نیە یان ئەوپرسیارە کەمخوێن و لابەلایەی تۆ کە باس لە ئیعتیراف نەکردنی پارێزگای دیالە بە بروانامەکانی کۆلیژە سەربازیەکانی قەلاچوالان وهەولێرەوە ئەکەیت کە ئەوەندە پرسیارێکی لۆکاڵیە کاك باستیش بەهەندی وەرنەگرت؟ کەچی پاش تێپەربونی چەند دەقیقەیەك بەسەر بەرنامەکەدا برای یاساناس و ووردبین کاك عەبدولباست کە زۆر بەووردی شەن وکەوی باسەکەی ئەکرد هەر بەناوهێنانی بەندە ناراستەوخۆ کاك ئازادی وەئاگا هێنایەوە کە ئەوەی ئاسۆ پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە، بەچاکی لایەنی منی گرت و تەئیدی کردم و وتی وەك ئەوەی کاك (ئاسۆ) ووتی ئەم یاسایە ناتوانێت خۆی فەرز بکات بەسەر ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە ئیجباریش نین کە ئەو یاسایە جێبەجێ بکەین چونکە ئەوە بۆ ناوچەیەکی نائارامی دیاریکراوە، دواجار هەر بەناوهێنانی میوانەکەت بۆ من بەڵگەو دەلیل نەبوو لەسەر ئەوەی کە موقاتەعەکەی تۆ لەجێی خۆیدانەبوو نەك پرسیارەکەی من وە بەپێچەوانەوە پرسیارەکەی من تەقەدان بو لە بنی هەمبانەکە؟! لەگەڵ رێزمدا بۆ کوردسات و کاك ئازادیش..